# تەنیاییەکی پڕ هەرا و زەناو گەمەکانی هانتا

هاشم سەڕاج




«تەنیاییەکی پڕ هەرا و زەنا» ڕۆمانێکی نووسەری چیکی «بوهومیل هرابال ١٩١٤-١٩٩٧»ـە، دلاوەر قەرەداغی لە سوێدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، بابەتێکی «میرۆسلاڤا سلاڤیخۆڤا»ی وەرگێڕاوە کە لە بارەی ژیانی هراباڵ و ڕۆمانی ناوبراو دەدوێت، کە بەشێوەی پاشەکی لەگەڵ کتێبەکە چاپ کراوە.

بوهومیل هرابال ساڵی ١٩١٤ لە برنۆی چیکۆسلۆڤاکیا لە دایک بووە، ساڵی ١٩٣٩ لە پراگ کۆلێژی ماف تەواو دەکات، بەڵام لەبەر باری ناهەمواری سیاسی ١٩٤٦ بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان باردا بەدەست دێنێت، هرابال لە دەورانی منداڵیدا لە ناوچەی بوهێمیا ژیاوە، ماوەیەک وەک ژمێریار لە کارگەی بیرە لە شاری بۆلتا کاری کردووە، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانی لە وێستگەی شەمەندەفەر دامەزراوە، دواتر لە کۆمپانیای تەئمین و کارگەی تواندنەوەی ئاسن کاری کردووە، بڕێک جاریش وەک فرۆشیارێکی دەستگێڕ هرابال ساڵی ١٩٥٣ دووچاری ڕووداوێکی ناخۆش دێت و ناچاری دەکات بۆ عەمباری کۆکردنەوەی کاغەزی کۆن بگوازرێتەوە، ساڵی ١٩٩٧ لە کاتێکدا دانی بە کۆترەکان دەدا، لە یەکێک لە نهۆمەکانی نەخۆشخانەیەکی پراگ-ـەوە کەوتە خوارەوە و گیانی سپارد، لە هەندێک سەرچاوەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە هرابال لە نهۆمی پێنجەمی ئەو شوقەیەی تێیدا دەژیا بەربووەتەوە، لە کاتێکدا دانی بە کۆترە کێوییەکان دەدا و گیانی لەدەست داوە، بەڵام بەشێک لە توێژەران مەرگی هرابال بە کردەیەکی خۆکوژی لە قەڵەم دەدەن، کەچی چۆنیەتی مردنەکەی تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە، چونکە هرابال زۆرجار لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بە کردەگەلێکی خۆکوژی داوە.

لەلایەکی دیکەوە هرابال بە نووسینەکانی فرانز کافکا و سامۆیل بیکێت و سوریالییەکان کاریگەر بووە، دەسەڵاتی کۆمۆنیستی ئەوسای چیکۆسلۆڤاکیا، لە ساڵی ١٩٧٠وە نووسینەکانی قەدەغە کرد و لێنەگەڕاوە بڵاو بکرێنەوە، هرابال لە بواری نووسیندا، ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بەشێوازێکی داڕژانئامێزی شیعر دەنووسێت و ڕستەی درێژ و بڕگەی تەنزئامێز بە کاردەهێنێت، دەکرێت

ستایلی هراباڵ لەم رۆمانەدا کە پراکتیزەی کردووە و «هانتا» گێڕەرەوەی سەرەکی تێکستەکەیە، بەشێوازی پرژاندنی رەنگ لای شێوەکاری ئەمریکی جاکسۆن پۆللۆک ١٩١٢-١٩٥٦» بچوێنین، چونکە زۆرجار گوزارەکانی بە ریتمێکی خۆرسکی و هەڕەمەکی دادەڕژێن و لێوانلێون لە لێکچواندن و هەست و خەیاڵ و توخمی شیعرگەرایی، بۆیە هەست دەکەین رۆمانی تەنیاییەکی پڕ هەرا و زەنا لە رووکەشدا کاری لەسەر کۆمەڵێک رووداوی رۆژانە کردووە، کەچی لە بنیادی قووڵدا چەندان تێمە و تەوەری جۆراوجۆری وروژاندووە، بەشێک لە رووداوەکان تارادەیەک پێوەندییان بە ژیان و ئەو کار و پیشانەوە هەیە کە هراباڵ لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا ئەنجامی داون، بە تایبەتی کارکردنی وەک ژمێریارێک لە کارگەی بیرەو وێستگەی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر و دواتر لە کارگەی کۆکردنەوەی کاغەزی گەڕاوە و کۆن...تاد.

لە روویەکی دیکەوە تێکست هەوڵ دەدات قێزەونی و تراژیدیاکانی ژێرەوەی جوانی و بوون بنووسێتەوە کە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەشێوەیەکی نەبینراو و شاراوە حەشار دراون، بۆیە دەکرێت بڵێم گێڕانەوەکانی هانتا و مامەڵەی لەگەڵ کاغەزی گەڕاوە و کتێبدا لە گەمەیەکی ئیستێتیکی و فەلسەفی زیاتر نییە. «سی و پێنج ساڵە لە کاغەزی گەڕاوەدا کاردەکەم و ئەوەش Love- Storyی منە، سی و پێنج ساڵە کتێب و کاغەزی گەڕاوە دەپەستێوم، هانتا بە درێژایی سی و پێنج ساڵە پەنجە بە دوگمەی سەوز و سووری پرێسە هایدرۆلیکەکەیدا دەنێت و کاغەزی گەڕاوە و کتێب و چەپکە گوڵی ژاکاوی زەماوەند و چەپکە گوڵی تەڕ و تازە، یان دەستکردی تایبەت بە رێوڕەسمی مردوو ناشتن...تاد دەپەستێوێت، رۆژانە چەندان لیتر بیرە دەخواتەوە، هاوکات بڕوای بەو دەستەواژەیە هەیە کە دەڵێت «ئاسمان هەر هیچ مرۆڤانە نییە»، هانتا لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی گۆشەگیرەو سی و پێنج ساڵە لەگەڵ پرێسە هایدرۆلیکەکەیدا دەژی و رۆژانەش کاغەزی گەڕاوە، پەلکی وشکی دوکانی گوڵفرۆشییەکان، کاغەزی دۆندرمە، کە مۆڵەی بەتاڵی شەراب، کاغەز پارێزی بۆیاوی نیگارکێشەکان، گورزە کاغەزی تەڕ و خوێناوی قەسابخانەکان بە پرێسەکەی دەپەستێوێت و دواتر لە فەردەیان دەنێت و فەردەکان بە لۆری بەرەو وێستگەی شەمەنەفەر، پاشان بە شەمەنەفەر بەرەو کارگەی کاغەزسازی دەبرێن. هانتا وەک کەسایەتییەکی گۆشەگیر و تەنیاهەمیشە ئالوودەی کتێب و کتێب خوێندنەوە، ئەگەر لەنێو کاغەزی گەڕاوەدا چاوی بە کتێبێکی دەگمەن بکەوتایە لای دەداو لە باوڵە چکۆلەکەیدا هەڵیدەگرت و دەیپاراست [بەڵام مانگی ڕابردوو شەش سەد کیلۆ کۆپی نیگاری ئوستادە شێوەکارە بەناوبانگەکانیان بۆ ئێرە هێناو لەژێر زەمینەکەمدا هەڵیانرشت. شەش سەد کیلۆ کاغەزی خووساو لە کارەکانی رامبرانت، هالس، مۆنێت، مانێت، کلیمت، سیزان و هونەرمەندانی تری هونەری شێوەکاری ئەوروپا] هانتا کاتێک سەیری فەردەکان دەکات، خەفەتێکی قووڵ دایدەگرێت، چونکە دەزانێت فەردەکان چەندان کتێبی فەلسەفی و هزری و ئەدەبییان تێدایە، لەوانە کتێبەکانی، گووتێ، دۆن کارلۆس، ئاوهای گوت زەردەشت-ی نیتشە، شیلەر و هۆڵدەرلین...تاد بە کاغەز و مقەبای پیس و خوێناوی و زەرفی چیمەنتۆ دەورە دراون، زۆرجار بەرپێوەبەرەکەی هاواری لێ دەکات و هانتا ئەوە کوایت؟ ئەرێ بەس چاو لە کتێبەکان ببڕە و خەریکی ئیشی خۆت بە؛ بەڵام هانتا بەشێوەیەک ئالوودەی کتێبە، زۆرجار کە بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، جانتا دەستییەکەی لەو کتێبانەی تێدایە کە لەنێوان کاغەزە گەڕاوەکاندا دۆزیویەتییەوە، هەندێک جاریش هەست دەکات بوونی خۆی لە کتێبێک زیاتر نییە، دەزانێت پێنج ساڵی ماوە خانەنشین بێت، حەز دەکات پرێسە هایدرۆلیکییەکەشی لەگەڵ خۆی خانەنشین بێت، هانتا لەم گەمەی بوون و کتێب و جوانییەدا، ناوی سەدان بیرمەند و رۆمانووس و شاعیر دێنێت و ئاماژە بە کتێبەکانیان دەدات، هەروەها دەیان شێوەکاری جیهانی، هاوکات هانتای تەنیا و گۆشەگیر بڕوای تەواوی بەخۆشی و پێکەوە ژیان و چرکە خۆشنوودییەکان هەیە، بەڵام لە ناخڕا بڕوای وایە نەک هەر ئاسمان مرۆڤانە نییە، بەڵکو سەرزەمینیش لێوانلێوە لە کێشەو ململانێ و ستەم و نادادپەروەری، وێڕای ئەمەش لەژێر هەر جوانی و عیشق و هۆگری و خۆشنوودییەکدا کۆمەڵێک قێزەونی و مەینەت و دەردەسەری هەیە، واتە هەمیشە تراژیدیایەکی شاراوە خودی خۆی لەژێر بووندا حەشارداوە، رەنگە هانتا بڕوای تەواوی بەم دەستەواژەیەی شۆپنهاوەر هەبێت کە دەڵێت: (باڵاترین یاسا عیشقەو ئەو عیشقەش هاودەردییە)، بەڵام تا دێت لە رێگەی لە دەستدانی بەهای

شاکارە ئەدەبی، فەلسەفی، هونەرییەکانەوە هەست بە قێزەونە شاراوەکەی ئەودیو بوون دەکات، بە تایبەتی ئەو چرکانەی مێش و مەگەز و مشکەکان دەکەونە نێوان کاغەزی گەراوە و کتێبەکانەوە بەهۆی پرێسە هایدرۆلیکییەکەی دەپەستێورێن و لەگەڵ کاغەزەکان تێکەڵ دەبن، یان دیمەنی گیزە گیزی مێشی سەرزەرفی خووساو و زەرفی خوێناوی قەسابەکان، ژیان لێوانلێوە لە گرتە و دیمەنی قێزەون و چەپەڵ، ململانێی مشکە ڕەش و قاوەییەکان، لەزێراب و ئاوەڕۆکاندا، ئەی هەردوو دیمەن و ڕووداوی قێزەونی «مانخینکا»ی خۆشەویستی، قردێلە درێژ و گوواوییەکەی لە زەماوەندەکە و جلە گوواوییەکەی لە ئوتێلەکەدا، دەق بەشێوازێکی قووڵ لە قێزەونییەکانی پشت، یان ئەودیوی جوانی دەدوێت و تراژیدیا هەمیشەییەکەی بوون و سەیرووەی گەردوون دەخاتەڕوو، بە تایبەتی دوای مەرگی خالۆی، هانتا دەیویست مانەندی خالۆی، دوای خانەنشین بوونی، پرێسەکەی بۆ باغەکە بگوێزێتەوە، چونکە هانتا و خالۆی چێژیان لە کارەکانیان دەبینی، خالۆی لە وێستگەی شەمەنەفەر و لە ژووری ئامازە دادەنیشت و ئاراستەی هێڵەکەی جێگۆڕکێ پێ دەکرد، دوای خانەنشین بوونی لۆکۆمۆتیڤێک دەکڕێت، واتە ئەو بەشەی شەمەنەفەر، کە مۆتۆرەکەی تێدایە و واگۆنەکان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، لەگەڵ هێڵێکی بچووکی ئاسن و سێ واگۆنی سەربەتاڵ، هێڵە ئاسنەکان لە باخەکەیدا لە نێوان درەختەکاندا ڕادەکێشێت، ئیتر هەموو شەممە و یەک شەممەیەک لۆکۆمۆتیڤەکەیان دەخستە ئیش و سوار دەبوون، عەسرانیش منداڵانیان سەردەخست، پاشان کە خۆرئاوا دەبوو، بیرەیان تێدا دەخواردەوە و گۆرانییان دەگوت، کە مەست دەبوون، یەکتریان سواری واگۆنەکان دەکرد، ئەم دیمەنە پڕ خۆشی و زەماوەند ئامێزە لە ڕوویەکەوە چێژوەرگرتنە لە چرکەکانی ژیان، هەروەها پێوەندی بەهۆگری و ئولفەت پێوەگرتنی خالۆیەوە هەیە بەکارەکەی، بەڵام دوای مەرگی خالۆی، نائومێدی و نیگەرانییەکی قووڵ دایدەگرێت «دوێنێ خالۆمان ناشت»، بە تایبەتی کە خالۆی پازدەڕۆژ لەسەر ئەرزی ژووری ئامازەکەی دەکەوێت تا شوفێری لۆکۆمۆتیڤێک دەیدۆزێتەوە «لاشەی خالۆم مێش و کرم تێی داوە و وەک پەنیری سامیمبێرت» ئەم دیمەنە قێزەونەی تەرمی خالۆی کە مێش و مەگەزی ڕەنگاوڕەنگ و کرمی جۆراوجۆری تێ ئاڵاوە. یەکسەر دیمەنێکی ڕۆمانی «الجحیم- دۆزەخ»ی «هێنری باربۆس»م بیر دەخاتەوە، کە مێش و مەگەزە کەسک و سوورەکان بە گیزە گیزەوە ڕوو لە تەرمەکان دەکەن، لێرەوە هانتا هەم هەستێکی نیهلیستی دایدەگرێت کە «ئاسمان مرۆڤانە نییە»، هەم کۆمەڵگە پڕاوپڕە لە ڕەوشی ململانێ و خەسڵەتی قێزەونی و ستەم و نادادپەروەری، بابەتێکی تری ئەم ڕۆمانە، کارکردنە لەسەر جوانی و ژیانی پڕ خۆشنوودی و میهرەبانی قەرەجان، ژن و کچە قەرەجەکان هەمیشە لە شەقامەکاندا لەسەر ڕیتمی سەمای پۆلکا ڕێ دەکەن، هەڵبەتە «هراباڵ» لە دەورانی منداڵیدا لەناوچەی «بوهێمیا» ژیاوە، ئەو ناوچەیەش زۆرتر قەرەجنشین بوو، هاوکات هانتا لە ڕێگەی هەستی ئیستێتیکییەوە دووچاری جۆرێک لەبیرکردنەوە و لێکدانەوەی پووچگەرایی هاتووە «بۆ کراندنی قژە سوورەکەی خالۆم، ناچار بووم دەرنەفیس بەکاربهێنم، کاتێک تەواو بووم، پاشماوەی لاشەکەیم خستە ژێر جلەکانییەوە کە لەوێ لە تابووتەکەدا ڕاکشابوو» لە جیاتی ئەمە بوتڵێک بادەی ڕۆمی پێ دەدەن.

دەتوانم بڵێم ڕۆمانی «تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا» لە ڕووی دنیابینییەوە لە چەند ڕوویەکەوە دەکەوێتە خانەی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنەوە، یەکەم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەرجەم چەمکی ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان دەدات و بوغز و کینە ژەهراوییەکان دەخاتە ڕوو، دووەم جەخت لەسەر ژیانێکی ڕاگوزەری و ڕەوتەنی دەکات، ژیانێکی سادە و بێ خەمی چەشنی قەرەجان، کە بە ڕیتمی سەمای پۆلکا شەقامەکان دەبڕن و بەوپەڕی خۆشی و چێژ و شادی و میهرەبانی ژیان دەگوزەرێنن و جۆرێک لە سۆز و ئەڤین، خاووخێزانەکان بە یەکدی دەبەستێتەوە، ئیتر گەمەکانی هانتا بەردەوامە، گەمەیەک لەنێوان عیشق و جوانی و بوون و کتێب و ئالوودە بوون بە چێژی پیشەکەی و هەڵوەدابوونی بە ژیانی قەرەجان، زۆرجار بە خۆی دەڵێت [من کێوییەکی ئەزەلی و ئەبەدیم و وا پێش دەچێت کە ئەزەل و ئەبەد خۆشییان بە خەڵکانی وەک من بێت] لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی گۆشەگیر و نیگەرانە، هانتا دوای بینینی دوو دیمەنی تراژیدی، هەستێکی نیهلیستی دایدەگرێت و زیاتر هەست بە مەینەت و قێزەونییەکانی ژێرەوەی بوون و جوانی دەکات.

کاتێک کتێبە زەرکەفت و

جوانەکانی کتێبخانەی پاشایەتی بە لۆری و شەمەنەفەر بەرەو سویسرا و نەمسا دەگوێزنەوە و هەست بە بەدبەختییەکی قووڵ دەکات. [تەماشای دوایین واگۆنەکانم دەکرد کە باری ئەو کتێبخانە نایابانەیان کیلۆی بە کرۆنێک بۆ سویسرا و نەمسا دەبردن]، بۆیە هانتا وەک «لیۆناردۆ» [دەیزانی کە نە ئاسمان مرۆڤانەیە و نە چ ئینسانێکیش کە بیر دەکاتەوە]، حاڵەتی دووەمیش پەیوەستە بە مەرگی دایکییەوە. دوای سووتاندنی تەرمی لە کورەکەدا، [کارمەندێک ئێسکەکانی دەردەهێنا و بەدەستاڕێکی دەستی دەیهاڕی، دایکیشمی بەدەستاڕە دەستییەکە هاڕی و دوایین ئاسەوارە جەستەییەکەی خستە قوتوویەکی تەنەکەوە، ئەوکاتە هانتا شیعرێکی ساندبۆری ١٨٧٨-١٩٦٧» بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت هەموو ئەوەی لە مرۆڤێک دەمێنێتەوە نەختێک فۆسفۆرە کە لە پاکەتی شخارتەیەکدا جێی دەبێتەوە، بەڵام دوای وەرگرتنی گۆزەڵەی خۆڵەمێشەکەی دایکی، ڕادەستی خاڵۆی دەکات، واتە مرۆڤ بوونەوەرێکە چرکەساتێک دێت و لەنێو دەچێت، قێزەونترین دیمەن، پرژاندنی خۆڵەمێشی ناو گۆزەکەیە بەسەر کەلەرم و خواردنیەتی. خاڵۆی ئەم کارە ئەنجام دەدات، گوایە خوشکی حەزی لە کەلەرم دەکرد، بەڵام تا دێت گەمەکانی هانتا بەردەوامی وەردەگرت، گەمەی پرێسە هایدرۆلیکییەکەو عیشقی بۆ کتێب و کتێب خوێندنەوە، پێی وایە کتێب وەک پەنیری کۆن و شەرابی کۆن، چەندێک کۆنتر بێت، تامی پەڕەکانی خۆشترە، بەڵام مشک ژێرزەمینەکەیان داگیر کردووە، زۆرجار لەلاقی پانتۆڵەکەیەوە فرتە دەکەن، کەچی هانتا هەمیشە خەریکی کاغەز پەستاوتنە و زۆرجار مشکەکانیش لەگەڵ کاغەزی گەڕاوە و کتێبەکان دەپەستێوێت، ڕۆژانەش دەچێت بە لیتر بیرە دەکڕێت و بەردەوام دەخواتەوە، دەق زۆرجار بەشێوەی فلاشباک ڕووداو و یادەوەرییەکان لە چەشنی گرتە و دیمەنی سینەمایی دەخاتە ڕوو، هانتا بیر لە پاسەوانی دارستانەکە دەکاتەوە کە چۆن دەڵەکێکی گرت کە چەند مریشکێکی خواردبوو، لە تۆڵەی ئەمە زۆر نادادپەروەرانە بزمارێکی بەسەری چکۆلانەی ئەو ئاژەڵەدا داکوتی، پاشان بەرەڵای کرد، ئاژەڵەکە تا مرد هەر دەقرووسکایەوە و بە باخەکەدا هەڵیدەتیزاند، بەڵام دوایساڵێک کوڕی هەمان پاسەوان تەلی ڕووتی کارەبا بەر سەری کەوت و کوشتی، هانتا بیر لە بەڕێوەبەری دارستانەکەش دەکاتەوە کە چۆن میلەتیژەکەی دەستی لە سکی ژیژکەکان ڕادەکرد، ئەویش شێرپەنجەی جگەر لێی داو تۆڵەی هەموو ژیژکەکانی لێ کردەوە. لێرەدا دەق جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ستەمکارە و دەروونی لێوانلێوە لە کاری دڕندەیی، هاوکات هێزێکی شاراوەی «میتافیزیکی»یش جارجارە تۆڵەستێنە، بەڵام هانتا لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی گۆشەگیری نیگەرانە، گەرچی هەندێک جار ئەم جۆرە ڕستە و بۆچوونە میتافیزیکییانە دەبڕسکێنێت، بەڵام بەردەوام پێی وایە کە «ئاسمان مرۆڤانە نییە»، هانتا لە هەندێک چرکەشدا گۆشەگیرێکی دیۆنیزیۆسی و بەخشندەو دەست بڵاوە، لە گەشتەکەیدا لەگەڵ «مانخینکا»ی دولبەری لە ماوەی پێنج ڕۆژدا چوار هەزار کرۆنی خەرج کرد.

لە ڕوویەکی دیکەی تێکستی تەنیاییەکی پڕ هەراو زەنا، بەشێوەیەکی دوورودرێژ لە کەسایەتی و گوفتارەکانی هەریەک لە «مەسیح»ی گەنج و «لاوزی» پیر دەدوێت، مەسیح زۆرتر وەک ژیاندۆستێک دەردەکەوێت، لاوزیش مەرگدۆست، هانتا هەمیشە چێژ لە دەرکەوتنی ژنە قەرەجەکان وەردەگرێت، ژنە قەرەجە تەنوورە پیرۆزەیی و ئەتڵەسییە سوور پۆشەکە، بە ڕیتمی سەمای پۆلکا دەڕۆیشتن و بەدوای کاغەزی گەڕاوەدا دەگەڕان، کابرای قەرەجیش کامێرایەکی بێ فیلمی لە شانی کردبوو، جارجار وێنەی دەگرتن، ژنە قەرەجەکان جگەرەیان دەکێشاو یەکێک لە ژنەکان بەرانبەر هانتا دانیشت و دەستی بۆ «زێ»ی درێژ کرد. ئەی [ژنە قەرەجە گچکە منداڵئاساکە، سادە وەک پارچەیەک داری دەست لێ نەدراو، ژنە قەرەجێک وەک هەناسەی خودا، ژنە قەرەجێک هیچی نەدەویست، جگە لەوەی کوانووەکە بەو دارانە داگیرسێنێت کە خاچئاسا بەکۆڵ بۆ ماڵەوەی دەهێنایەوە].

دەق لێرەدا ئاماژە بە قڕکردن و کۆمەڵکوژی قەرەجەکان دەدات، کە نازییەکان بە شێوازێکی دڕندانە لەناویان دەبەن [دواتر بیستم گیستابۆ «ڕێکخراوێکی پۆلیسی نازییەکانی ئەڵمانیایە» ئەو و قەرەجەکانی تریان دەسگیر کردوون و بۆ ئۆردووگاکانی قڕکردنیان هەناردوون و ئەویش هەرگیز لێی نەگەڕاوەتەوە، لە کوورەیەکدا لە مایدانیک، یان ئاوشوێتز سووتاندوویانە، ئاسمان مرۆڤانە نییە...] هانتا کەسایەتییەکی گۆشەگیری نیگەرانە و سی و پێنج

ساڵە کاغەزی گەڕاوە لە پرێسە هایدرۆلیکەکەیدا دەپەستێوێت، بەڵام دوای گەشتەکەی بۆ بوبنێی «Bubny» گەمەکانی کاڵ دەبێتەوە.

ئەو گۆشەگیرێکی پیرەو سی و پێنج ساڵە لەگەڵ پرێسەکەی دەژی، بەڵام لە بوبنێی پرێسێکی زەبەلاحیان داناوە کە ئیشی بیست پرێسی وەک ئەوەی ئەو دەکات و کرێکارانی گەنجی بریگادی سۆسیالیستی کاری لەسەر دەکەن. ئیتر هەست دەکات سەردەمی ئەو بەسەر چوو، پرێسە تازەکە و گەنجەکان شوێنی ئەو دەگرنەوە، بەڵام هانتا تادێت لەگەڵ چرکەکانی گۆشەگیری و چێژی کتێب و ژێر زەمین و پرێسەکەی و خەیاڵی ژنە قەرەجەکە دەژی، کە هاتوچۆی ماڵەکەی دەکرد و بەیەکەوە کۆلارەیان دروست دەکرد و هەڵیان دەفڕاند، ژنە قەرەجە چکۆلەکە دەهات و کوانووەکەی دادەگیرساند و هەتا ناوی یەکدیشیان نەدەزانی، ژنە ماڵی هانتای بە ماڵی خۆی دەزانی، بەڵام لە پڕێکدا ژنە قەرەجە چکۆلەکە دیار نەما.

ڕۆمانی تەنیاییەکی پڕ هەراو زەنا، چەندان بابەتی جۆراوجۆری هزری و فەلسەفی وروژاندووە، بەشێوەیەکی قووڵیش کاری لەسەر هونەری شێوەکاری کردووە، من لەم خوێندنەوە کورتەدا بە پێویستم نەزانی ناوی ئەم هەموو شێوەکار و بیرمەند و ڕۆماننووسانە تۆمار بکەم کە لەو دەقەدا ناویان هاتووە «هەڵبەتە دەق وێڕای گێڕانەوەکانی هانتا» تەکنیکگەلێکی تریشی بەکاربردووە، وەک دیالۆگ، فلاشباک، نۆستالژیا، دیمەن و گرتەی سینەمایی، بڕگەگەلێکی بێ ئەژماری شیعری، کە زۆرتر لە داڕژان و ڕیتمی خۆرسکییەوە سەرچاوە دەگرن، وێڕای جێ هێشتنی سیمبۆلگەلێکی فەلسەفی کە دەشێت خوێنەر بە چەندان شێوە، کاری ڕاڤەی تێدا ئەنجام بدات، چونکە هانتا لە ڕێگەی گێڕانەوەکانییەوە وێڕای حاڵەتی گرفتاربوونی بەچێژی کار و پرێسەکەی، چەندان بابەتی قووڵ و ئاڵۆزی فەلسەفی دەدرکێنێت کە بە چەمکی عیشق و مەرگ و جوانی و تراژیدیا و چرکە خۆشەکانی ژیانەوە پەیوەستن، لە هەمان کاتدا هانتا بڕوای وایە کە «هەموو شتێکی زیندوو، دوژمنی خۆی هەیە»، یان سەبارەت بە مەرگ و ژیان ئاماژە بە گوتەیەکی «لاوزی» دەدا کە دەڵێت «لە دایکبوون هاتنە دەرەوەیە و مردنیش چوونە ژوورەوە» ئاخر دوای سی و پێنج ساڵ کار و ماندووبوون و دەردەسەری بەڕێوەبەرەکەی لەسەر کار لای دەبات، مەبەستم ئەوەیە کۆمەڵێک بابەت هەن دەکرێت بە قووڵی کاریان لەسەر بکرێت بۆ نموونە ڕۆڵی تەکنۆلۆژیا لەجوانکردنی ژیان و کۆمەڵگە، کوڕە گەنجەکانی سەر بە بریگادی سۆسیالیستی بە جلوبەرگی پرتەقاڵی و دەستکێش و کاسکێتی ئەمریکی و بەدلەی شین دێن و ئامێری پێشکەوتووتر بەکاردێن و بەشێوەیەکی جیاواز و شێوازێکی پێشکەوتووتر شوێنی هانتا دەگرنەوە، دەکرێت ئەم بابەتە لە ڕوانگەی پرسی ململانێی نەوەکانەوە، شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، هەروەها کاڵبوونەوەی بەهای ئیستێتیکی ئەدەب و هونەر، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و بەهای خۆی لە دەست دەدا، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم ڕۆمانە زۆر بابەتی تری وروژاندووە لەوانە بەڕێوەبەرە چاو باشقاڵەکە و لە قەپاندانی کیژۆڵە فرۆشیارەکان تا بزانێت کێشیان چەندە! یان خانووەکەی مانخینکاو شەوانە نووستنی لەگەڵ یەکە یەکەی وەستاو پیشەوەرە جۆراوجۆرەکانی خانووبەرە، بناغە لێدەر، سپیکار، لەبباغ، وەستای کاشیکاری، دیکۆرساز، بۆیەچی، پەیکەرتاشە پیرەکە، مانخینکا بۆ ئەوەی خانووەکەی تەواو بکات، هەر شەوێک لەگەڵ یەکێکیان دەخەوێت و ئیتر بەڕێیان دەکات. من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە زۆرتر کار لەسەر گەمەکانی هانتا و لایەنە تەنیایی و گۆشەگیرییەکەی بکەم، کە چۆن دوایین جار خەیاڵێکی سپی دەیباتەوە، خەیاڵێکە لیوانلیو لە هەستی تەنیایی و مەرگ و ئەڤینی قەرەجان، خەیاڵێک دواجار تا هەتایە کۆتایی بە تەنیایی و گۆشەگیرییەکەی دێنێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: تەنیاییەکی پڕ هەرا و زەنا**

**بابەت: ڕۆمان**

**نووسینی: بوهومیل هراباڵ**

**وەرگێڕانی لەسویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**

**چاپخانەی = کارۆ- چاپی یەکەم ٢٠١٢**

**چاپ و بلاوکار: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی.**